
# یەکێتیی لە ڕێبەرایەتی کردنی ڕاپەڕینەوە بۆ سەرکوتکردنی

سلێمان عەبدوڵڵا یونس
slemanyunes@yahoo.co.uk



ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لەناو یەکێتیی‌دا بەجەسارەتەتێکی سیاسیەوە و بەئەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دان بەو ڕاستیەدا بنرێت کە بەم سیاسەت و بەرنامەیەی ئێستای یەکێتیی ، یەکێتیی نەک وەک ئەو هێزە ڕێبەرەی شۆڕشی نوێ و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و پارێزەر و گەشەپێدەری دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە ناتوانێ بمێنێتەوە بەڵکو وا خەریکە وردە وردە بێ ئەوەی یەکێتی هەست بەو خۆرکە سیاسیە مەترسیدارە بکات یەکێتیی لەو هێزە پێشەنگەی شۆڕش و ڕاپەڕینەوە دەبێتە هێزێکی فەرمانڕەوای سەرکوتکەری ڕاپەڕین و بە هەڵدێر و لاڕێ دابەری خودی ئەو شۆڕشەش ؟!
پارتی کە هەتا ئێستاش لە سەر سەروەریەکانی شۆڕشی ئەیلول و بارزانی ڕیبەری ئەو شۆڕشە دەژی و توانیویشیەتی بەلەسەر ئەو مێژوو و ڕابردوو ژیانە هەم بەهاوتا و هەم بەڕکەبەری هەرە سەرەکی یەکێتیی بمێنێتەوە ، پێدەچێ سەرانی سیاسی ناو یەکێتییش پێیان وابێ کە ئەوانیش دەتوانن پارتی ئاسا لەسەر سەروەریە زەوەندەکانی یەکێتیی بژین ، هەر بۆیە لە دوای ڕاپەڕینەوە تاڵەبانی گوتەنی یەکێتیی تەوەزەلانە لەسەر چەپکە گوڵی ڕابردووی خۆی خەوی لێکەوتووە ، ژیان لە سەر ڕابردوو ئەگەر بۆ پارتێکی تەقلیدی و دیموکرات خێڵەکی وەکوو پارتی لوابێ و بەقازانجیشی شکابێتەوە ئەوا بۆ هێزێکی وەکوو یەکێتیی کە خۆی بە نوێخواز نمایش و ئەندام و هەوادارانیشی بە باوەڕ بوون بە گۆڕان و گەشەسەندن پڕ کردبێ نەک ئەستەمە مەیسەر ببێ ، بەڵکوو هەرگیز سەرەنجامەکەی لەو دۆخە نالەبار و ئاڵۆزە باشتر نابێ کە لە ئێستادا یەکێتیی بەرچاوی خۆی و خەڵکەوە تیایدا دەژی .
خۆ نەبان کردن لەو شەپۆلە بەرفراوانە نارەزاییە جەماوەریەی کە یەکێتیی وەکو حزب و حکومەت ڕوو بەڕووی بووەتەوە و سەرەنجامیش هەوڵدان بۆ بە زەبری هێز وەڵامدانەوەی ئەو بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە هەر لە ناو خودی یەکێتیی خۆی ولەو شارانەش کە بەنفوزی جەماوەری یەکێتیی ناسراون سەری هەڵداوە ، سەرەتای قەیرانێکی کوشندە و مەترسیدارە و لە دەستی دێ پاشەکشە بە کێتیی لە لایەک وشا باڵی بزووتنەوەی سیاسی و نوێخوازی لە ناو بزوتنەوەی کوردایەتی لەلایەکەی دیکەوە بکات .
ئەوەی ئەمڕۆ لە هەڵەبجەی شەهید و لە هەژدەمینساڵیادی یادەوەری کارەساتی ئەو شارە شەهیدەدا ڕوویدا ، بێگومان دەرەنجامی فەرامۆشکردنی ئەو داخوازیە بەرینیە جەماوەریانە بوو کە پێشتر یەکێتیی لە شارەکانی ڕانیە و کەلار و دووکان ڕووبەڕووی ببوەوە و ، نەک نەیتوانی بەسنگێکی فراوانەوە

ڕووبەڕووی چارەسەرکردنیان ببێتەوە ، بەڵکوو کەوتە پاساو هێنانەوەیەکی بێمانا و پەلاماردانی هەڵسوڕاوانی ئەو بزووتنەوەیە کە زۆرینەیان لە ئەندامە خوێندەوار و گەنجە هەلسوڕاوەکانی ناو ڕێکخستن و ڕێکخراوە پیشەیەکانی ناو خودی یەکێتیی بوون ، خۆ نەبان کردنی یەکێتیی لەو گەندەڵیە ئیداریەی کە بەشێکی زۆری زادەی ئەو پاشاگەردانی وخۆپڕ کردنەیە کە دەستەچێتی و تەکەتولاتی ناڕەوای نێو سەرکردایەتیەکەی بەرهەمی هێناوە ،بێگومان هەر چاوەڕێ دەکرێ ڕووداوی ترسناک ودیاردەی توندوتیژی و ئابڕووبەری وەک ئەوەکەی هەژدەهەمین ساڵیادی یادەوەری کارەساتەکەی هەڵەبجە و شارە بێنازو پشتاو لە خزمەتگوزاریەکانی دیکەی کوردستانی لێبکەوێتەوە .
یەکێتیی دەبێ بە جدی بەخۆیدا بچێتەوە ، داننان بەگەندەڵی و باس کردن لە نەبوونی دادپەروەری کۆمەلایەتی و سەلماندن و دووپات کردنەوەی گازندەو گلەییەکانی خەڵکی ناتوانێ تاسەر دڵی خەڵکی لە یەکێتیی ڕازی بکات ،هەروەکوو چۆن ڕابردووی پڕ لە سەروەری یەکێتیش ناتوانێ ڕێگر بێت لە دامرکاندنەوەی ئەو ڕقەی لەناخی گەنجانی تازە پێگەیشتووی کوردستاندا سەر هەڵدەدات کە سەربڕینی هیواو خولیاکانی خۆیان لەچاوی ئەو گەندەڵی وڕۆتینیە ترسناک و بەردەوامەی ئیدارەی کوردستاندا دەدۆزەوە
مەسەلەیەکی دیکەی ئەو ڕووداوەی هەڵەبجە کە ئابڕووی سیاسی کوردستانی خستە ژێر پرسیارەوە و مایەی نیگەرانیەکی ڕەواشە ، دریژەکێشانی جەنگی ساردی نێوان پارتی و یەکێتییە لە سەر مەرجەعیەت و دەسەلات ، بەتایبەت کە یەکێتیی دەخوازێت هەڵەبجە و مۆنۆمیای شەهیدانی هەڵەبجە بکاتە ڕەمزی قوربانیدان و بەرخودانی گەلی کورد ، کە لەڕاستیدا یەکێتیی هەڵەبجە بەبەشێک لە مێژووی خوێناوی خۆی دادەنێ و پارتییش لەو لاوە دەخوازێت گڵکۆی بارزانی بکاتە ئەو کارێزمایە کە بێگومان پارتیش بارزانی بە تاکە سەرمایەی حزبی خۆی دەزانێ ،ڕۆشنیشە هەر دوو پارتیش دەخوازن لەو سۆنگەیەوە دەسکەوت و نفوزی سیاسی زیاتر بۆخۆیان بچننەوە ، ئەم هەوڵەی یەکێتیی بۆبەسیمبول کردنی هەڵەبجە بەرلەوەی هیچ دەسکەوتی سیاسی بۆ یەکێتیی لێبکەوێتەوە زیانی بە ناوبانگی یەکیتیی گەیاند، چونکە پارتی توانی ئەو هاوپەیمانێتیەی لەسەردەمی شەڕی گەرمی براکوژیدا لەگەڵ ئیسلامیەکانی کوردستان لەدژی یەکێتیی دروستی کردبوو ببوژێنێتەوە و ئەو بۆشاییەش بقۆزێتەوە کە کەوتۆتە نێوان یەکێتیی و خەڵکی لەو شارە لە ئەنجامی کەمی خزمەتگوزاری فەرامۆش کردنیان ، یەکێتیی و حکومەتەکەی یەکێتیی دەبوو زووتر بەدەنگ داخوازیە ڕەواکانی ئەو شارەوە بچونایە ، چونکە قەرەبووی زیانەکان و زامەکانی هەڵەبجەو خەڵکەکەی دەکرا کەمێک بە پرۆژەی خزمەتگوزاری و خزمەت کردنی خەڵکی زامداری ئەو شارە شەهیدە قەرەبوو بکرێتەوە ، بەلام ڕووشانی ناوبانگی سیاسی بۆ حزبێکی سیاسی کارەساتە و بە ئاسانی ناتوانرێت شوێنەکەی بزر بکرێت ، بێگومان ئەو باجەی یەکێتیی لە بێمنەت بوون لە لەخەڵک دەیدات زۆر گەورە ترە لەوەی بۆ نموونە پارتی دەیدات ، ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی پێکهاتەو دروست بوونی یەکێتییەوە هەیە، بێمنەت بوونی یەکێتیی لە خەڵک سەرەنجام یەکێتیی لە هێزی پێشەنگی ڕاپەڕینەوە دەکات بە هێزێکی سەرکوتکەری بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی دەسەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە .